# بگەنە کوردوستان ئیسرائیل داگیری کرد

## د.کەمال سەید قادر

ئەوەی تا ئێستا ئێمە دەمانبیست بە تایبەتی لەو لایەنانەی کەوا ناحەزی کورد بون ئەوەبو کەوا گوایە کوردو ئیسرائیل هاوپەیمانن وە ئیسرائیل هەردەم پالپشتی کورد دەکات. بەلام ئەگەر بە ووردی لە مەسەلەکە بچینە پێش و بەلگەنامەکان شیَ بکەینەوە بە تایبەتی بەلگەنامە ئیسرائیلیەکان خۆیان ئەوە نەک هەر پێچەوانەمان بۆ دەردەکەوێت بەلکو دشتوانین بیسەلمێنین کەوا ئیسرائیل هەڕەشەیەکی زۆر گەورەشە لە سەر خاکی کوردوستان وە ئیسرائیل کوردوستان بە بەشێک لە ئیسرائیلی گەورە دادەنێت وە بۆ ئەم مەبەستەش هەنگاوی زۆر کاریگەری ناوە کەوا گەیشتۆتە قۆناغی جێ بە جێ کردنی ئامانجەکانی.
مێژوناسانی ئیسرائیلیو زانا بایۆلۆجیەکانیانو سیاسی یەکانیانو سەرمایەدارەکانیان بە هەنگاوی ڕێکخراو بەرەو بە دەستهێنانی ئەم ئامانجە دەچن.

ئێستا دەتوانین بیسەلمێنین کەوا ئیسرائیل خەریکی جێ بەجێ کردنی پلانی داگیرکردنی کوردوستانە  لە ڕێگای دەست بەسەراگرتنی خاکێکی زۆر لە کوردوستان وە جێ بە جێ کردنی پرۆژەی ئابوری زۆر گەورە.
ئیسرائیلی یەکان بە تایبەتی چاویان بڕیوەتە کوردوستانی خوارو کەوا بە کوردوستانی عێراق ناو دەبریَ لە بەر چەند هۆیەک:
یەکەم ئەوان کوردوستانی عێراق بە بیَ کەس دەزانن، دووەم هەندیَ لایەنگیری بە هێزیان هەیە لە کوردوستان، سیَ یەم دەولەتی عێراق خۆی بە پێچەوانەی  دەولەتی تورکی و ئێرانی بیَ هێزە وە ناتوانیَ بەرپەرچی دەستدرێژی ئیسرائیل بداتەوە ، وە چوارەم لە هەمویان گرنگتر ئەوەیە کەوا کوردوستانی عێراق یەکێک لە هەرە دەولەمەندترین سەرچاوە ئاویەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کەوا ئیسرائیل بۆ ئابوری ئیسرائیلی گەورە زۆر پیَ ویستی پیَ ی هەیە.

ئەو بەلگەنامانەی کەوا ئاشکران وە هەرکەسێک بیەوێت بتوانێت سەیریان بکات لە تۆڕی ئینتەرنێت لە سەر خۆئامادەکردنی ئیسرائیل بۆ داگیرکردنی کوردوستان هەر هەمویان بەلگەنامەی ئیسرائیلین وە ئەوەی پەیوەندیشی بە جێ بە جێ کردنی پلانەکانی ئیسرائیل هەبیَ بۆ دەستبەسەراگرتنی خاکی کوردوستان ئەوا هەرکەسیَ بیەوێت دەتوانێت لە نزیکەوە لە کوردوستان بە تایبەتی لە شاری هەولێر خۆی لەم هەولانە دلنیا کاتەوە کەوا لە شێوەی

پرۆژەی ئابوری زۆر گەورەن یان دەست بە سەراگرتنی هەندێ گەڕەکن لە هەولێر وە کەس ناتوانێ بیانشێرێتەوە .

دەتوانین هەولەکانی ئیسرائیل لەم بارەیەوە بە سەر سێ ئاستی سەرەکی دابەش بکەین:

1. لە سەر ئاستی مێژویی: مێژونوسانی ئیسرائیلی بەهەمو جۆرێک هەولدەدەن بیسەلمێنن کەوا کوردوستان هەوارگەی ئەسلی میللەتی جولەکەکانە و پڕۆپاگەندەی ئەوە دەکەن کەوا جولەکەکان پێش ئەوەی بێن بۆ فەلەستین لە کوردوستان ژیاون ئینجا لەوێوە بەشێکیان کۆچی کردوە بۆ فەلەستین وە گوایە ئەم کوردەی لەم ناوچەیە ماوەتەوە لە یەک بەرەبابن لە گەل ئەم جولەکانەی کۆچیان کردوە بۆ فەلەستین وە کورد یەکێکە لە تیرە ونبوەکانی جولەکە. وە پڕۆپاگەندەی ئەوەش دەکەن کەوا گوایە شاژنی جولەکە عشتار موردخای لە ناوچەی هەورامانی کوردوستان نێژراوە وە دانیال پێغەمبەریش لە کەرکوک. وە هەمو مێژونوسە ئیسرائیلیەکانیش لە سەر ئەوە کۆکن کەوا لە سەدەی یەکەمی پێش زایین شانشینێکی جولەکە لە کوردوستان هەبوە بە ناوی شانشینی ئادیابان وە پایەتەختەکەی هەولێر بوە.
2. لە ئاستی بایۆلۆجی یەوە: پسپۆرەکانی بایۆلۆجی ئیسرائیلی هەمو هەولێک دەدەن بۆ ئەوەی خزمایەتی جینی لە نێوان جولەکەو کورد بسەلمێنن بۆ ئەوەی پالپشتی پڕۆپاگەندەی مێژونوسە ئیسرائیلی یەکان بکەن کەوا گوایە کورد بە ئەسل لە ڕەگەزی جولەکەیە. لەم بارەیەوەی زانای بایۆلۆجی ئیسرائیلی **Ariella Openheim** لە زانکۆی عیبری تاقیکردنەوەیەکی جینی لە نێوان کەسانی جولەکەو چەند کەسانێکی تر لە میللەتی جیا جیا کردوە وە بە گوێرەی ئەو باسەی کەوا لە سالی **2001** لە گۆڤاری **The American Journal of Genetics** بلاوی کردۆتەوە، دەلێ گوایە کوردەکانی کوردوستانی عێراق لە خزمایەتی جینی وە نزیکترین میللەتن لە جولەکەکانی سیفاردیم واتە جولەکە ڕۆژهەلاتی یەکان. وە بەم جۆرە دەیەوێت بیسەلمێنێت کەوا کوردو جولەکە یەک ڕەگەزن.
3. لە ئاستی جی بە جێ کردن: ئیسرائیل وا ئێستا خەریکە پلانە تیۆری یەکانی خستۆتە قۆناغی جی بە جێ کردن وەکو جێ بە جێ کردنی چەند پڕۆژەیەکی زۆر گەورە لە شاری هەولێر کەوا گوایە لە کۆن پایەتەختی شانشینی ئادیابانی جولەکە بوە. گەورەترین پڕۆژەی لەم جۆرە پڕۆژەی سەنتەری بازرگانی هەولێرە کەوا بە **500** ملیۆن دۆلار جێ بە جێ دەکرێت و بۆ ئەم مەبەستەش ئیدارە هەولێر خانوو دوکانی خەلقانێکی کوردی زۆری شاری

هەلێری لە گەڕەکەکانی نێوان پردی سەیداوە وە بازاڕی لەنگە ڕوخاندوە و تەسلیمی سەرمایەدارە ئیسرائیلی یەکانی کردوە. ئەم پڕۆژە گەورەیە 100% پڕۆژەیەکی ئیسرائیلی یە و کۆمپانیای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پێی هەلدەستێت کەوا کۆمپانیایەکی سەر بە سەرمایەدارانی ئیسرائیلی یە. ئەم پڕۆژەیە ئێستا کەمێم سیستی تێ کەوتوە لەوەتەی جمو جۆلی ئیسرائیلی یەکان لە کوردوستان کەوتوتە ژێر چاودێری زۆر لایەن. پڕۆژەیەکی تر کەوا ئێستا ئیسرائیلی یەکان خەریکن جێ بە جێ ی دەکەن دەست بەسەرا گرتنی خانوو دوکانەکانی ئەو گەڕەکەیە کەوا کۆن بە گەڕەکی جولەکەکان ناسرابو لە نزیک قەیسەری هەولێر وە بۆ ئەم مەبەستەش ئیدارەی هەولێر ئێستا کڕینو فرۆشتنی ئەم خانوانەی لە نێوان کوردەکان خۆیان قەدەغە کردوە بەلکو خاوەن ملکەکان دەبێ ئەم ملکانە بفرۆشنە ئیدارە هەولێر وە ئیدارەی هەولێریش دەبێ بیداتەوە ئیسرائیلی یەکان چونکەگوایە ئەمانە ملکی جولەکەکان بونە وە لێ یان زەوتکراوە. هیچ کەسێ دژی ئەوە نی یە کەوا ملک بگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنی شەرعی خۆی بەلام ئەمە دەبێ لە ڕێگای دادگاوە بێت وە ئیدارەی هەولێر نابێت خۆی بکاتە وەکیلی لایەنی ئیسرائیلی بەلکو دەبێ نوێنەرایەتی بەرژەوەندی لایەنی کوردی بکات. من دلنیام لەوەی کەوا ئیدارەی هەولێر لە ژێر فشاری ئیسرائیلی یەکانە ئەگەرنا بەم کارە نایاسایی یە هەلناسێت.

جگە لەم جموجۆلە ئابوریانەش ئیسرائیلی یەکان خەریکن هەڕەشە لە هەر لایەنێک دەکەن کەوا دژ بە پلانەکانیان لە کوردوستان بوەستێت وە هەتا ئیدارەی هەولێریش بە ئارەزوی خۆی کومەکیان ناکات بۆ داگیرکردنی مولکی کوردەکان جا بۆیە خەلقی کوردوستان دەبێ خۆیان ناڕەزایی خۆیان دەربڕن وە دژ بە تێکدانو زەوتکردنی ملکەکانیان بوەستن بە تایبەتی لە شاری هەولێر کەواتە بۆتە سەنتەری جموجۆلی ئیسرائیلی یەکان.

داگیرکردنی خاکی کوردوستان لە لایەن هەر کەسێکەوە بێت دەبێت مەحکوم بکرێت وە میللەتی کورد سەدەها هەزار شەهیدی بۆ ڕزگارکردنی کوردوستان بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش نەکردوە تاکو ئیسرائیل بێت داگیری بکات ئەگەرنا چیمان بە داگیرکەرانی تری کوردوستان کردوە ئەم کارەش بە هەر داگیرکەرێکی تر دەکەین.